# خۆكوژی بۆته ڕێگای ڕزگاری مرۆڤەكان له كوردستاندا!

**بەشدار عەلی**



گەنجێك لە شارۆچكەی حاجیاوا بەهۆی بوونی چەند كێشەیەكی كۆمەلأیەتیەوە بە فیشەكێك خۆی كوشت, پۆلیسێك لە ناحیەی ماوەت لەكاتی پاسەوانیدا سێ فیشەكی ناوە بە سنگی خۆیەوە و گیانی لە دەستدا, قوتابیەك بەهۆی دەرنەچوونی لەوانەكاندا لە بنەصلاوە خۆی بە پانكەیەكەوە هەڵواسی, كچێك لە گوندێكی نزیك هەولێر خۆی دەرمانخوارد دەكات و بەهۆی ژەهراوی بوونی گیانی لە دەستدا.............. .

ئەمانە تەنها چەند هەواڵێكی بێ نازی ڕۆژنامەو ڕادیۆو تەلەفزیۆنە ڕۆژانەییەكانن, بەڵێ خۆكوژی و شێوازەكانی لە هەموو دنیادا هەیە, بەلأم ئەوەی كە خەتەرناكە ئەو ڕێژە زۆرەیە كە ئێستا بۆتە دیاردەو ناكرێت قسەی لەسەر نەكرێت, چونكە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ روو لە زیادبوونە.

چین ئەو هۆكارانەی كەوا لە مرۆڤ دەكات خۆشترین و شیرینترین ساتەكانی ژیان بەدەستی خۆی كورت بكاتەوە؟ ئەوە چ هۆكار گەلێكە لەدوای ئەم بیركردنەوەو بڕیاردانەیە كە خۆ كوژی بە ڕێگای ڕزگاری بزانێت؟

لەسەرەتادا هیچ لۆژیك و مەنتقێك و بیركردنەوەیەكی ساغ و تەندروست, ڕێگای كۆتایی هێنان بە ژیانی خودی ئینسانەكان بەرێگاەكی ڕاست و ڕەوان نازانێ هەرچەندە كێشەو گرفتەكانی ژیان زۆریش بن, مرۆڤەكان بەهێزو ئیرادەی خۆیان دەتوانن بەسەریدا زاڵ بن, بێزاری و نیگەرانیەكانمان بۆ هەموو ئەو بارودۆخانەی كە ڕۆژانە لە دەوروبەرمان دەگوزەرێن دەتواندرێ بە شێوازو میكانیزمی تر دەببڕدرێت و نمایش بكرێت, نەك بەرێگای سلبی, بەلأم بەجیالەمانە باكەمێك لەسەر هۆكاری پشتەوەی ئەم دیاردەیە بدوێیین.

كوردستان بەدرێژایی دەسەلأتی شومی بەعس هەمیشە جێگای كوشتن و گرتن و تۆقاندن و ڕفاندن بووە, بەعس سڵی لە قێزەوەنترین كارە دژە مرۆڤیەكانی خۆی نەدەكردەوە بۆ جێكردنی بەرنامەو پرۆگرامە شەرمە هێنەرەكانی, خەڵكی كوردستان لەدوای ڕاپەرین چاوەڕوان بوون هەوایەكی ئازاد هەڵمژن و ئیتر چیتر نان و ژیانیان بە بارمتە نەگیرێت, بەلأم بەداخەوە ئەم مەینەتیانە نەك هەردەست لە گەردنی خەڵك نەكردەوە بەڵكو سەرباری ئەمانە نابەرابەری ئابووری و دزی و گەندەڵی زیاتر بوونە زیادەی دیاردەكانی تری سەر گۆڕەپانی كوردستان و ئاستی بێزاریەكانیش ڕوو لە زیادبوون بوو, هەمان یاساكانی بەعس لە دادگاكاندا تاكو ئێستاش كاری پێكرایەوە, ئازادی ڕادەربڕین و بیروڕا ئاڵوگۆڕكردن لە ژێر پرسیاریدایە, مافە فەردیی و مەدەنیەكان بە درێژایی 17 ساڵ نەبووە بەرنامەی سەرەكی پێنج كابینەی حكومەت! مافەكانی ژنان و منداڵان و ئازادییەكانی تاك تەنها لە بۆنەو مناسەباتەكان دەبێتە قسەی سەرزوبانی بەرپرسە فرە ژنەكان, كوژران و زیندەبەچاڵكردنی هەزارەها ژن نەبووە نیگەرانی بەرپرسێك, لەبرسان مردنی هەزارەها منداڵ نەبووە باسی وەزیرێك و بەدوایدا بچێت, كۆچی لاوان و دەیان كێشەوگرفتی تری لاوان ئەندام پەرلەمانێكی ناچار نەكرد بێتە وەلأم !

ئیتر بەم شێوازە خەڵك بەگشتی لەنێو بێزاریی و دڵە ڕاوكێیەكی قوڵدا ژیان دەگوزەرێنێ و كەس و دەزگایەك نیە خۆی بە بەرپرس بزانێ لەبەرامبەر كێشەو گرفتەكانی و هەمیشە بە هەڵواسراوی دەمێنێتەوەو ئازاری ئەدەن. سیستەمی پەروەردەو فێركردن كار لەسەر یەخسیری و بێ ئیرادەیی تاكەكان دەكات, سیستەمی باری ناو كۆمەڵگاش كار لەسەر تۆخ كردنەوەی داب و نەریتە قێزەوەنەكان دەكات و تاكەكان دەكات بە دوژمنی یەكتر..........

بۆیە لەم وەزعیەتە ئاڵۆزەدا بەداخەوە خۆكوژی دەبێتە تەنها ڕێگا بۆ دەرچوون لە دەست ناخۆشی و گرفتەكانی ڕۆژانە.